پلووم ناوێک

هێنری میشۆ



وەرگێڕانی بۆ کوردی

حەمە قادر

بۆ کرێکارە ئەفغانییەکانی ئیستانبووڵ

وەرگێڕ

www.didimn.com/kteb-plum-nawek-henri-michaus

یەک

پیاوێکی هێمن

پلـووم بەدەم باوێشـکدانەوە دەسـتەکانی لە چرپـاکەی هێنـایە دەرەوە و سـەری سـوورِما، کە بەر دیـوارەکە نەکەوتن. لە بەر خۆیەوە بیری کردەوە: "ئمممم... ڕەنگە مێرووولەکان خواردبێتیان" و دیسان خەوتەوە.

کەمێک دواتر ژنەکەی پلووم قۆڵی ڕاوەشاند و گوتی: "هـۆی! سـەیرکە، بێکەڵـک! خەوتبوویـت، ماڵەکەیـان دزیین." لە ڕاستیدا ئاسمان بووبوو بە بنمیچی ماڵەکە.

پلووم لە بەر خۆیەوە بیری کردەوە: "ئاە، کەواتە کار لە کار ترازا."

کەمێک دواتر دەنگێک هـاتە بەرگوێی، شـەمەندەفەرێک بەوپەڕی خێراییەوە بە لایاندا تێپەڕیی. لە بەر خۆیەوە گـوتی "بێگومـان بەم خێـراییەوە پـێش ئـێمە دەگـات" و دیسان خەوتەوە.

دواتر کزەی سەرما خەبەری کردەوە. هەموو گیانی خوێن بوو، ژنەکەی لەتوپەت لەسەر زەوی کەوتبوو. بیری کردەوە: "هەمیشە کە خوێن هاتە ناوەوە، کێشەش زۆرتر دەبێ. ئەگەر بکرایە ئەو شەمەندەفەرە لێرەوە تێنەپەڕییایە، زۆر کەیفساز دەبوو. بەڵام ئێستا تازە ڕۆیشتووە" و دیسان خەوتەوە.

دادوەر گوتی: "ڕوونکردنەوەتان چییە کە ژنەکەت ئاوا بریندار بووە و بووەتە هەشت پارچە، کەچی تۆ لە تەنیشتی ڕاکشابوویت و هیچت نەکرد تا ڕێگەی لێ بگریت؟ هەر نەتانزانی ئەمە ڕووی داوە؟ ئەمەیە مەتەڵەکە، کێشەی ئێمەش ئەم مەتەڵەیە."

پلووم بیری کردەوە: "لەم بارەوە هیچ یارمەتییەکم لە دەست نایەت" و دیسان خەوتەوە.

"سبەی لەسێدارەدانە، ئایا تۆمەتبار قسەیەکی ماوە؟"

پلووم وەڵامی دایەوە: "ببوورن، من ئاگام لە هەموو مەسەلەکە نییە" و دیسان خەوی لێ کەوتەوە.

دوو

پلووم لە ڕێستۆرانت

پلـــووم لە ڕێســـتۆرانت خەریکـــی نـــانخواردن بـــوو، شاگردەکە هاتە لای مێزەکەی. نیگـایەکی جیدیی تێگرت و بە دەنگێکی ناسک و گومانـاوییەوە گوتی: "شـتێک لە قاپەکەی ئێوەدایە، کە ئێوە داواتان نەکردووە."

پلووم یەکسەر داوای لێبوردنی کرد.

"بەڵـێ قوربـان، لەبەر ئەوەی پەلەم بـوو تـاقەتم نەبـوو سـەیری لیسـتی خـواردنەکە بـکەم، لە خـۆمەوە داوای کـۆتلێتم کـرد، پێم وابـوو دەبـێ کۆتلێتتـان هەبـێ، یـان ئەگەریـش نەتـانبێ، لەم نـاوە زۆر بە ئاسـانی دەسـتتان دەکەوێ، بەڵام ئامـادەش بـووم ئەگەر کۆتلێـت نەبـوو، داوای شتێکی تر بکەم."

شـاگردەکە کە پەشـۆکاو دیـار نەبـوو، ڕۆیشـت و دوای کەمێک کۆتلێتی هێنا و ئیتر ئاوا...

"بێگومان پارەکەی هەرچەند بێت دەیدەم. نکۆڵی ناکەم، ئەم پلەگۆشتە بە ڕاستی نایابە. یەکسەر هەرچەند بێت دەیدەم. ئەگەر بمزانیایە، بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە گۆشتێکی ترم هەڵدەبژارد، یان تەنها داوای هێلکەم دەکرد. بە هەرحاڵ، ئێستا ئیدی زۆر برسیم نییە. هەر ئێستا حیسابەکە دەدەم."
بەڵام شاگردەکە جووڵەی نەدەکرد. پلووم هەست دەکا چاک تووش بووە، کە سەری بەرز دەکاتەوە، سەیر دەکا ئەی هاوار! بەڕێوەبەر لە بەردەمی وەستاوە.
پلووم یەکسەر داوای لێبوردنی کرد.
"نەمزانی کۆتلێت لە لیستی خواردنەکاندا نییە. لستەکەم نەخوێندەوە، چونکە نمرەی چاوم زۆر بەرزە و عەینەکی سەرلووتم پێ نەبوو و جگە لەوەش، خوێندنەوە هەمیشە ئەزێتم دەدا. یەکەم خواردن هاتە مێشکمەوە یەکسەر داوام کرد، بۆ بیستنی پێشنیارەکانی تر، نەک حەزی خۆم، شاگردەکەش کە بێگومان داڵغەی هەبوو، لێی نەوەستا و هەر کۆتلێتەکەی هێنا؛ منیش خۆم هەر بە گشتی ئاگام لە خۆم نییە، دەستم کرد بە خواردنی. ئێستا کە لێرەن، باسی جەنابیشتان دەکەم."
بەڵام بەڕێوەبەری ڕێستۆرانتەکە جووڵەی نەدەکرد.
پلووم زیاتر دەشڵەژێت و بێتاقەت دەبێت، پارەیەکی بۆ

ڕادەگــرێ کە لەپــڕ چــاوی بەر قــۆڵی یونیفرۆمێــک دەکەوێ؛ پۆلیسێک لە بەردەمی وەستاوە
پلووم یەکسەر داوای لێبوردن دەکات.
"بەڵــێ قوربــان، هــاتووەتە ژوورەوە کەمێک ئیســراحەت بکــات." لەپــڕ لەخــۆڕا بەســەریدا هــاوار دەکــات: "ئەی جەنابتان چی دەفەر..." وەڵام دەداتەوە: "ئۆە، پەرداخێک بیرە." دواتر شاگردەکە بە تووڕەیی هاوار دەکات: "ئەی دواتــر؟" پلــوومیش زیــاتر بــۆ ئەوەی لە کــۆڵ خــۆی بکاتەوە، دەڵێ: "زۆر باشە، کۆتلێتێک!"
دواتر هەر بیریشی نەمابوو، تا لە ناو قاپێکدا خستیانە بەردەســتی؛ ئــێ، دواتــر، لەبەر ئەوەی کۆتلێــت ڕێــک لە بەردەمی بوو...
"گوێ بگــرن، ئەگەر بتــانەوێ ئەم مەســەلەیە ببــڕیننەوە، شتێکی باش دەکەن، ئەمەش لە خزمەتتاندایە."
پــارەیەکی ســەد فرەنکییشــی خســتە بەردەســتی. کە دەبیســتێ هەنگاوەکــان دوور دەکەونەوە، هەســت دەکــا ئیتــر ئــازاد بــووە، بەڵام ئێســتا بەڕێــوەبەری پــۆلیس لە بەردەمیدا وەستاوە.
پلووم دەستبەجێ داوای لێبوردن دەکات.
لەگەڵ هــاوڕێیەک بڕیــار بــوو یەکتــر ببیــنن. هەمــوو ئەو بەیــانییە بێهــودە بە دوایــدا گەڕاوە، دواتــر لەبەر ئەوەی زانیــویەتی هــاوڕێکەی کــاتی گەڕانەوە بــۆ مــاڵەوە لەم

کۆڵانە تێپەڕ دەبێ، هاتووەتە ئێرە. مێزێکی لای پەنجەرەکەی گرتووە و جگە لەوەش، چونکە دەکرا زۆر چاوەڕوان بمێنێتەوە و نەیویستووە، وا دەرکەوێ کە تاقەتی پارە خەرجکردنی نییە، کۆتلێتێکی داوا کردووە؛ تەنها بۆ ئەوەی شتێک لە بەردەمیدا بێت. تەنانەت بۆ ساتێکیش بیری لە خواردنی نەکردووەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە هەرحاڵ لە بەردەمیدا بووە، لەخۆوە بێ ئەوەی ئاگای لێ بێت چی دەکات، دەستی کردووە بە خواردنی.

دەبێ بزانین کە بە هیچ شێوەیەک ئەو سەردانی ڕێستۆرانت ناکات، هەمیشە لە ماڵەوە خواردن دەخوات. ئەمە بنەڕەتێکی گرنگە. مەسەلە لێرەدا داڵغەیەکە و هیچی تر، لەو بەڵایانەی کە بەرۆکی هەموو کەسێکی سەرلێشێواو دەگرێ؛ تۆزێک بێئاگایی، نەک هیچی تر.

بەڵام بەڕێوەبەری پۆلیس تەلەفۆنی بۆ پۆ، سەرۆکی ئاسایش کرد و تەلەفۆنەکەی ناوە بە گوێیەوە و دەڵێت: "وەرە، جارێک بە تەواوی ڕوونکردنەوەی ماقوڵمان بدەرێ. ئەمە تاکە شانسی تۆیە" و پۆلیسێکی تریش بە توندی شانێکی لێ دەخشێنێ و دەڵێ: "لە ئێستا بە دواوە دەبێ یەکسەر بڕۆیتە سەر ئەسڵی مەسەلەکە، تێگەیشتی؟" و کە ئاگرکوژێنەوەکان دێنە ناو ڕێستۆرانتەکە، بەڕێوەبەرەکە دەڵێ: "سەیرکە چ

زەرەرێکت لێرە داوە، بە ڕاستی کارەساتە!" و ئاماژە بە خواردنگەکەی دەکات، کە مشتەرییەکان بە خێرایی لێی ڕادەکەن.
ئاسایشەکان پێی دەڵێن: "دۆخەکە خەریکە لە کۆنترۆڵ دەردەچێ، ئاگادارت دەکەینەوە دان بە هەموو شتێکدا بنێی. ئەمە یەکەم کێشەی لەم جۆرەی ئێمە نییە. باوەڕ بکە، کە کێشە بگاتە ئەم ئاستە، یانی مەسەلەکە جیدییە."
لەم کاتەدا، پۆلیسێکی بلّح دێتە سەر سەری پلووم و دەڵێ: "گوێ بگرە، هیچم پێ ناکرێ، ئەمە فەرمانە. ئەگەر تەلەفۆنەکە وەرنەگری و قسە نەکەیت، تا پێم بکرێ فەلاقەت دەکەم. گوێت لێ بوو؟ دانی پێدا بنێ. ئاگادارت دەکەمەوە، ئەگەر گوێم لە دەنگت نەبێ، دەتپلیشێنمەوە."

سێ

پلووم سەفەر دەکات

پلووم ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات لە کاتی سەفەردا زۆر ئاگایان لێیەتی. زۆر کەس بۆ ئەوەی بڵێن "وریا بە!" یەکسەر بەسەریدا دەڕۆن و زۆری تریش سووک و ئاسان دەستیان بە چاکەتەکەی دەسڕن. ئێستا ئیتر بەم شتانە ڕاهاتووە. زیاتر پێی باشە بێ قرە سەفەر بکات. تا ئەو شوێنەی پێی دەکرێ وا دەکات.

ئەگەر بە تووڕەییەوە ڕەگێکی گەورە بخەنە قاپەکەیەوە و بڵێن: "فەرموو بیخۆ، چاوەڕوانی چییت؟" دەڵێت: "ئەها بەڵێ، بێگومان! باشە، هەر ئێستا." چونکە نایەوێ لەخۆوە تووشی گێچەڵ بێت.

ئەگەریش شەو چرپاکەیان لێ سەند: "سەیرکە! خۆ تۆ ئەو هەموو ڕێگەیەت نەبڕیوە تا هەر لێی بخەویت. وانییە؟ ها، ئەوەش جانتا و شتەکانت. ئەم کاتانەی ڕۆژ پیاسەکردن لە هەموو کات ئاسانترە."

"بەڵێ، بەڵێ، بێگومان... خەمتان نەبێ. تەنها بۆ پێکەنین بوو. بێگومان. تەنها گ... اڵتە بوو" و دیسان بەو نیوەشەوە دەچێتە دەرەوە.

ئەگەریش لە شەمەندەفەردا فڕێی بدەنە دەرەوە: "ئەها! ئێ، پێت وایە ئێمە ئەم فارگۆنەمان سێ سەعات گەرم کردووە و هەشت دانەی ترمان پێوە نووساندووە، بۆ ئەوەی گەنجێکی کەمتەمەنی وەک تۆ لەوپەڕی سەلامەتیدا سواری ببێت، بۆ کەسێکیش کە دەتوانێ هەر لێرە کەڵکی شتێک بگرێت و هیچ پێویست ناکات بڕواتە ئەوێ، پێت وایە ئێمە لەبەر ئەمە تونێلمان لێ دا، بە تەن گابەردەکانمان تەقاندنەوە و سەدان کیلۆمەتر ڕێی ئاسنمان بە ژێر خۆر و بەفر و باراندا ڕاکێشا، جگە لەوەش ئەگەر باسی ئەوەش نەکەین، کە لە ترسی تێکدان و ئەم جۆرە شتانەش دەبێ پاسەوانیشی بین..."

"باشە، باشە. تێدەگەم. من هەر سەرکەوتم بۆ ئەوەی... ئمممم... تا سەیرێک بکەم! هەر ئەمە و هیچی تر. هەر بۆ فزوولی، هەر ئەمە و هەزار جار مەمنوونم" و دیسان بە کەلوپەلەکانیەوە دەکەوێتە سەر جادە.

ئەگەریش لە ڕۆما بیەوێ سەردانی کۆلۆسیوم بکات: "ئۆو! نا، بە هیچ شێوەیەک! گوێ بگرە، ئێستاش وەزعی کۆلۆسیوم زۆر خراپە و ئەگەر جەنابت بتەوێ دەست بۆ ئەمبەراوبەری بەریت، پاڵی پێوە بدەی، یان لە ناویدا دانیشی... کەلاوەیەکی لێ ماوەتەوە. ئێمە ئیتر پەندمان وەرگرتووە، بەڵام لەمەبەدوا نا، بەسە ئیتر، خۆ تێدەگەی؟"

"باشە، باشە. تەنها ئەوەی کە... تەنها دەمویست کارت پۆستاڵێک وەربگرم. وێنەیەک، شتێک... کە ئەگەر کاتێک چووزانم..." و بێ ئەوەی هیچ شتێک ببینێت، شارەکە جێ دەهێڵێ.

ئەگەریش لەسەر کەشتی لێپرسراوەکە لەپڕ ڕووی پەنجەی تێبکات و بڵێت: "ئەم پیاوەی ئێرە، خەریکی چییە؟ ئێ! وادیارە لەو خوارەوە حیساب بۆ ڕێکوپێکی ناکەن. ڕاکەن فڕێی بدەنە ناو عەمبارەکە، ئێستا شاوری دووەم لێ دەدەن" و بەدەم شاورەوە دەکەوێتە ڕێ و پلووم هەموو ڕێگەکە شەکەت و ماندوو، تێدا دەمێنێ و نازانێ چی بکات.

بەڵام هیچ ناڵێت، گلەیی ناکات. بیر لەو قوڕبەسەرانە دەکاتەوە کە هەر ناتوانن سەفەر بکەن، لە کاتێکدا ئەم خەریکی سەفەرکردنە. هەمیشە لە سەفەردا.

چوار

له دیوانی شاژندا

کاتێ پلووم به بەڵگەنامەکەیەوە ڕۆیشتە نێو کۆشک، شازادە پێی گوت: "زۆر باشە. پاشا لە ئێستادا سەرقاڵە. دواتر دەیبینیت. ئەگەر حەز بکەن، پێکەوە نزیک سەعات ٥:٠٠ سەردانی دەکەین. خاوەنشکۆ زۆر حەزی لە دانیمارکییەکانە، خاوەنشکۆ خۆشحاڵ دەبێ پێشوازیتان لێ بکات، ڕەنگە حەز بکەن بەدەم چاوەڕوانییەوە پیاسەیەک لەگەڵ من بکەن.

چونکە کۆشک زۆر گەورەیە، هەمیشە دەترسم ڕێگەکەم ون بکەم و لەپڕ خۆم لە موبەق ببینمەوە؛ خۆ تێدەگەن، ئەمە بۆ شازادەیەک زۆر گاڵتەجاڕانەیە. لێرەوە دەڕۆین، ڕێگەکە باش دەزانم. ئەمەش ژووری نوستنی من" و دەچنە نێو ژووری نوستنەوە.

"لەبەر ئەوەشی دوو سەعات کاتمان هەیە، ڕەنگە پێتان خۆش بێت کەمێک کتێبم بۆ بخوێننەوە، بەڵام دان بەوەدا دەنێم لێرە شتێکی وا سەرنجڕاکێشم نییە. ڕەنگە یاریی کاغەز بکەین باشتر بێت، بەڵام دان بەوەدا دەنێم یەکسەر دەدۆڕێم.

بە هەرحاڵ، بە پێوە مەوەستن، ماندوو دەبن؛ بە دانیشتنیش زوو هیلاک دەبیت، کەواتە ڕەنگە باش بێت لەسەر ئەم جێگەیە بخەوین" و لەسەر جێگەکە ڕادەکشێن.

بەڵام شاژن یەکسەر هەڵدەسێت.

"هەمیشە گەرمایەکی پڕووکێنەر لەم ژوورەدا هەیە. زۆر سوپاستان دەکەم یارمەتیم بدەن جلەکانم دابکەنم، دواتر دەتوانین پێکەوە دەمەتەقێیەکی باش بکەین. منیش پێم خۆشە زیاتر لەبارەی دانیمارکەوە بزانم. جگە لەوەش ئەم جلی خەوتنە زۆر خۆش و ئاسان لەبەر دادەکەنرێت، پێم سەیرە بە درێژایی ڕۆژ لە بەرم ماوەتەوە. ئەم جلە بێ ئەوەی پێی بزانیت، دەخزێت و دەکەوێت. سەیر بکەن، دەستم هەڵدەبڕم و ئێستا منداڵێکیش دەتوانێت بە دەستی ڕای بکێشێت. بێگومان ڕێگە نادەم منداڵێک وا بکات. منداڵانم زۆر خۆش دەوێ، بەڵام لە کۆشک دەنگۆ زوو بڵاو دەبێتەوە. بە هەرحاڵ،

منداڵان دەست بۆ هەر شتێک ببەن، زوو لە دەستی دەدەن" و پلووم جلی شاژن دادەکەنێت.

"گوێ بگرن، ئێستا ئێوەش وا دامەنیشن. کەسێک لە ژووری نوستن جلی لە بەردا بێت، زۆر زەق و ناحەز دیارە، منیش پێم خۆش نییە وا بتانبینم، ئەوکات وا بیر دەکەمەوە بە تەمەن بڕۆنە دەرەوە و لەم کۆشکە گەورەیە، بەم هەموو شکۆیەمەوە تاکوتەنیا جێم بهێڵن" و پلووم جلەکانی دادەکەنێت. دواتر لەسەر جلەکانی خۆی ڕادەکشێت.

شازادە دەڵێت: "هێشتا سەعات ٣:١٥ خولەکە. بە ڕاست ئەوەندە لەبارەی دانیمارکەوە دەزانن کە بتوانن سەعاتێک و چلوپێنج خولەک لەبارەیەوە قسەم بۆ بکەن؟ ئەوەندە ئەزیەتتان نادەم، دەزانم چەند کارێکی زەحمەتە. کەمێک کاتتان دەدەمێ بیری لێ بکەنەوە. وەرن، ئێستا کە لێرەن پێم باشە شتێکتان پیشان بدەم، کە پێم وایە زۆر ورووژێنەرە. پێم باشە ڕای دانیمارکییەکی لەبارەوە بزانم.

سەیرکەن، ڕێک لە ژێر مەمکی ڕاستم، ڕێک لێرە سێ خاڵی بچووکم هەن. نا، سیان نا، دوو دانەی بچووک و یەکێکی گەورە. سەیری خاڵە گەورەکە بکەن. وادیارە هاوشێوەی... بە کورتییەکەی سەیروسەمەرەیە، وانییە؟

ئێستا سەیری مەمکی چەپم بکەن، هیچ! تەواو سپییە!

گوێ بگرن، شتێک بڵێن، بەڵام سەرەتا باش هەڵیبسەنگێنن، چۆنتان پێ خۆشە" و پلووم خەریکی دەبێت. دەستی پێدا دێنێ، بە پەنجەی ڕاڕا لەمسی دەکات و گەڕان بۆ ڕاستییەکان دەیخاتە لەرزین و پەنجەکانی لە باری لاریی خۆیدا زیاتر و زیاتر دەڕوات.
پلوومیش دەکەوێتە ناو بیرکردنەوەوە.
شاژن دوای چەند ساتێک دەڵێت: "دەبینم کە سەرتان سووڕماوە (ئێستا دەزانم کە باش لە ئیشی خۆتان دەزانن). دەتانەوێ بزانن ئایا کەسێکی ترم هەیە یان نا. نا. نیمە." ئەمە دەڵێت و دوای شەرمێک سوور هەڵدەگرێ.
"ئێستاش باسی دانیمارکم بۆ بکەن، بەڵام خۆتان پێمەوە بنووسێنن تا وردتر گوێتان لێ بگرم."
پلووم دەڕواتە پێشتر، لای ڕادەکشێ و ئێستا ئیتر ناتوانێ هیچ بشارێتەوە.
چۆنیش بڵێم، لە ڕاستیدا شاژن دەڵێت: "گوێ بگرن. پێم وابوو ڕێزێکی زیاترتان بۆ شاژن هەبێت، بەڵام بە هەرحاڵ، لەبەر ئەوەی ئێستا ئیتر لێرەن، بە هیچ شێوەیەک پێم خۆش نییە - ئەو شتە - ببێتە ڕێگر لەوەی دواتر لەبارەی دانیمارکەوە قسە بکەین" شاژن بەرەو لای خۆی ڕای دەکێشێت.

"زیاتر قاچم بلاوێننەوە، دەنا هەر ئێستا داڵغەم دەڕوا و ئیتر لە بیرم نامێنێت بۆچی ڕاکشاوم" و لەو کاتەدا پاشا دێتە ناوەوە!

سەرکێشیی ترسناک، بە هەر پلان و هەر سەرەتایەک کە لە خەیاڵتاندایە، پڕکێشیی پڕئازار، لەگەڵ دوژمنێکی سەرسەخت کە ڕێنماییان دەکات.

پێنج

شەوی بولگارییەکان

ڕاستییەکەی لە ڕێگەی گەڕانەوەدا بووین. بە هەڵە سواری شەمەندەفەرەکە بووبووین. کەوتینە نێو هەندێ بولگاری، کە لە ناو خۆیاندا چرپەچرپیان بوو و تێنەدەگەیشتین چییە و هەر جووڵەجووڵیان بوو، ئەخیرەن پێمان باش بوو بە لێدانێک تەواوی بکەین. دەمانچەکانمان دەرهێنا و تەقەمان کرد. بە پەلە تەقەمان کرد، چونکە ئاخر نابێ متمانەیان پێ بکەیت. پێمان باشتر بوو ساردیان بکەینەوە. بولگارییەکان لە سەرسووڕماو دەچوون، بەڵام نابێ لەخۆوە متمانە بکەیت.

بەرپرسی شەمەندەفەرەکە دەڵێت: "وێستگەی دواتر موسافیری زۆر سەردەکەون. لەگەڵ ئەوانەی تر (ئاماژە بە مردووەکان دەکات) خۆتان ڕابێنن، با لە ژوورێک زیاتر نەگرن. ئێستا ئیتر هیچ پێویست ناکات ئێوە و ئەوان دوو ژووری جیاواز داگیر بکەن" و بە حاڵەتێکی مۆنەوە سەیری بولگارییەکان دەکات.

"بەڵێ، بەڵێ، ڕادێین! چاکیش ڕادێین! بێگومان بێگومان! هەر ئێستا!

وتووریا خۆیان لە ناو مردووەکاندا جێ دەکەنەوە و ڕایان دەگرن.

ئەوەندەش قورس نییە. حەوت مردوو و سێ زیندوو. خۆجێکردنەوە لە ناو تەرمە ساردەکان و کەللەسەری ئەم "خەوتوانە"دا، کە هەر لار دەبنەوە. دەکەون. بەسەر شانوملی سێ پیاوی گەنجدا. وەک خۆڵەمێشدانی زبر و دەنک دەنک لەسەر گۆناکانن، ئەم ڕیشە زبرانە کە لەپڕ بە خێرایی دوو هێندەوە دەست دەکەنەوە بە هاتنەدەرەوە.

دەبێ شەو بەڕێ بکەین. دواتر هەوڵ دەدەین بەیانی زوو تێیتەقێنین. بەڵکو ڕەنگە بەرپرسی شەمەندەفەرەکە لە بیری نەیەت. ئەو دەیەوێ بێدەنگ و هێمن بین. هەوڵ دەدەین سەرنجی ڕانەکێشین و چۆن داوا دەکات، سەلار بین و نیەتپاکیی خۆمانی پێ پیشان بدەین و

بەیانی زوو بڕۆین. پێش گەیشتن بە سنوور، ڕۆیشتنی شەمەندەفەرەکە وەک هەمیشە هێواش دەبێتەوە و هەڵهاتنیش ئاسانتر. کەمێک لەولاتر، بە ڕێنماییەکەوە، لە دارستان تێدەپەڕین.

بەم جۆرەش خۆیان هان دەدەن کۆڵنەدەر بن.

لە شەمەندەفەردا، مردووەکان زیاتر لە زیندووەکان جووڵەجووڵ دەکەن. خێرایی دەیانجووڵێنێت. ساتێک ئۆقرە ناگرن. هەر لارولەوێر دەبنەوە. دێن لە سکیانەوە قسەت لەگەڵ بکەن، بەڵام ئیتر توانایان نییە.

دەبێ توند بیانگریت و ساتێک لێیان نەگەڕێی، دەبێ بیاننووسێنێ بە کورسییەکانەوە، لایەک چەپ و لاکەی تر ڕاست، لە سەرەوە نوشتانەوە، بەڵام ئێستا کەللەسەریان تەپەی دێ.

دەبێ توند بیانگریت، ئەمە لە هەموو شت گرنگترە.

"یەکێک لەم بەڕێزانە ناتوانێ جێگەکەی بۆ پیرەژنێکی وەک من چۆڵ بکات؟"

ئاخر ناکرێ وا بڕوا. پلووم یەکێک لە مردووەکان لەسەر ئەژنۆی دادەنێ (یەکێکی تریش لای ڕاستیەتی) و پیرەژنەکە دێت و لای چەپی پلووم دادەنیشێ. ئێستا پیرەژنەکە خەوی لێ کەوتووە و سەری لار بووەتەوە. کەللەسەری و کەللەسەری مردووەکە بەر یەکتر دەکەون. بەڵام تەنها کەللەسەری پیرەژنەکە لە خەو

هەڵدەسێ و خانم دەڵێ ئەوەیان زۆر ساردە و دەیترسێنێ.
بەڵام خێرا پێی دەڵێن کرێوەیەکی سەختە.
ئەوەندە بەسە دەست ببات و دەستەکان بۆی درێژ دەبن. سەهۆڵ سەهۆڵ. ڕەنگە باشتر بێت بڕواتە ژوورێکی گەرمتر. هەڵدەسێ و خێرا لەگەڵ چاودێردا دەگەڕێتەوە. چاودێر دەیەوێ پشکنین بکات کە گەرمکەرەوەکان وەک هەمیشە کار دەکەن. خانم پێی دەڵێت: "دەست لەم دەستانە بدەن!" بەڵام هەموو هاوار دەکەن: "نا، نا، لە بێجووڵەییەوەیە، ئەم پەنجانە لەتاو بێجووڵەیی گۆ ناکەن، هیچ نییە. هەموومان بەپێی پێویست گەرمامانە، ئارەقە دەکەینەوە، دەست بۆ ئەم ناوچەوانە ببەن. لایەکی لەش ئارەقە دەکاتەوە، لایەکی تر سەرما تەزاندوویەتی. بێجووڵەیی ئاوایە. هیچ نییە، هەر جووڵەنەکردنە."
پلووم دەڵێ: "ئەوانەی سەرمایانە با ڕۆژنامە لە سەریان بئاڵێنن. ئاوا گەرم دەبنەوە."
ئەوانی تر تێدەگەن. یەکسەر کەللەسەری هەموو مردووەکان ڕۆژنامەپێچ دەبێ، پێچراو لە سپێتی، لە خشەخشی ڕۆژنامەکان. ئاوا ئاسانترە، لەبەر تاریکی، زوو دەناسرێنەوە و ئیتر مەترسیی ئەوەش نامێنێ پیرەژن دەست بۆ کەللەسەری تەزیو بەرێت.

لەم کاتەدا کچێک سەردەکەوێ. بارەکەیان لە ڕێڕەوەکە داناوە. بۆ جێگەیەک بۆ دانیشتن ناگەڕێت. کچەکە زۆر لە ناو خۆیدایەتی، شەرمنی و ماندوویی پێڵووەکانی قورس کردوون. هیچی ناوێ، بەڵام دەبێ شوێنێکی بۆ بکەنەوە. هەموان پێکڕا وایان دەوێ. هەر بۆیە بۆ ڕێگەیەک دەگەڕێن تا لە مردووەکان ڕزگاریان ببێت، کەم کەم لە کۆڵیان بخەنەوە. بەڵام کە هەموو لایەنەکانی لێک دەدەنەوە، هەوڵ دەدەن خێرا یەک لە دوای یەک بیانبەنە دەرەوە، چونکە ڕەنگە بەم جۆرە مەسەلەکە لە پیرەژنەکە بشارنەوە. بەڵام ئەگەر دوو سێ غەریبی تر لە ناویاندا بێت، ئیشەکەیان لێ قورس دەبێ.

شووشە گەورەکە بە وریایی دادەدەنە خوارەوە و کارەکە دەست پێ دەکات. تا کەمەر مردووەکان دەخەنە دەرەوە، هەر کە گەیشتنە ئەوێ، لە کۆڵیان دەخەینەوە. بەڵام دەبێ ئەژنۆکانیان باش بچەمێنینەوە تا هەڵواسراو نەمێننەوە… چونکە تا ئەو کاتەی لە هەوادا هەڵواسراون، کەللەسەرەکەیان لێدانی کپ لە دەرگاکە دەدات، وەک ئەوەی کەللەیان بیەوێ بێتە ژوورەوە.

"بڕۆین! ئافەرین! بەم زوانە پشوویەک دەدەین. تەنها یەک مردوو ماوە و ئیتر تەواو. بەڵام ئەو سەرمایە پیرەژنەکەی هەستاندووە."

چاودێر بە بیستنی ئەم دەنگەدەنگە دێت و بۆ دڵنیابوونەوە و خۆنەجیبنواندن، دیسان چاوێک دەگێڕێت، کە لە ژوورەوە شوێنێک بۆ کچی ناو ڕێڕەوەکە هەیە، کەچی یەکسەر دەزانێ نییە.
هەموو هاوار دەکەن: "بێگومان! بێگومان!"
چاودێر دەڵێت: "بە ڕاستی نایابە، ئامادەم سوێند بخۆم..."
نیگای پیرەژنەکەش دەڵێ: "بە ڕاستی نایابە." بەڵام خەو پرسیارەکانی دوا دەخات بۆ دواتر.
بریا کچەکە ئێستا خەوتبێ! لە ڕاستیدا مردوویەک لە پێنج مردوو باشتر پینە دەکرێ. بەڵام باشترە خۆت لە هەموو پرسیارێک بدزیتەوە، چونکە کە بانگیان کردینەوە، زۆر ئاسان تووش دەبین. دژیەکی و هەڵەکانمان لە هەموو لایەکەوە کەشف دەبێ. ئەوەی ببیتە قوربانیی گوللەی دەمانچەیەک لەبەر ئەوەی خوێن ڕژاوە، سەروفەساڵێکی ناشیرینمان دەداتێ.
بەڵام لەبەر ئەوەی کچە گەنجەکە بە هەموو وریایی خۆیەوە نایەوێ پێش ئەوان بخەوێ و چونکە هێشتا شەو زۆری ماوە و پێش سەعات ٤:٣٠ خولەک هیچ وێستگەیەک نییە، زۆر زەحمەت نادەنە بەر خۆیان، مل بۆ ماندوویی شل دەکەن و خەویان لێ دەکەوێ.

لەپڕیش پلووم تێدەگا سەعات چوار و چارەکە، پۆن هەڵدەستێنێ و هەردووکیان بەیەکەوە دەکەونە جرتوفرت. لە هیچ شتێ ناترسن، مەگەر وێستگەی دواتر و ڕۆژێکی بێئامان، کە هەموو شتێک هەڵدەماڵێ؛ وتووریا مردووەکە لە دەرگاکەوە فڕێ دەدەنە دەرەوە. بەڵام لە کاتێکدا خەریکن ناوچەوانیان وشک دەکەنەوە، دیسان لە ژێر پێیدا هەست بە مردووەکە دەکەن. کەواتە ئەو نەبوو کە فڕێیان دایە دەرەوە. چۆن شتی وا دەبێ؟ بەڵام سەری لە ڕۆژنامەوە ئاڵابوو ئاخر. دەی گوێ مەدەرێ، پرسیار و وەڵام بۆ دوایی! ئەوان مردووەکە هەڵدەگرن و فڕێی دەدەنە ناو شەو. ئۆف!

ژیان چەند خۆشە بۆ زیندووەکان! چەند خۆشە ئەم ژووری شەمەندەفەرە! ئەوان هاوڕێکەیان خەبەر دەکەنەوە. خۆیەتی. دێ... دواتر دوو ژنەکەی تر هەڵدەستێنن.

"هەستن، نزیک بووینەوە، وا گەیشتین. خۆش بوو؟ شەمەندەفەرێکی نایاب، وانییە؟ باشتر کە خەوتوون؟" و یارمەتی دەدەن پیرەژن و کچەکە دابەزن. کچە گەنجەکە بێ هیچ قسەیەک سەیریان دەکات. ئەوان دەمێننەوە. ئیتر نازانن چی بکەن. وەک ئەوەی هەموو شتێکیان تەواو کردبێ.

بەرپرسی شەمەندەفەر دێت و دەڵێت:

- بڕۆن خێرا. دابەزن. بە شایەتەکانتانەوە.
- بەڵام خۆ ئێمە شایەتمان نییە!
- ئای ئای، ئێ، ئێوە شایەتتان دەوێ، پشت بە من ببەستن، کەمێک لەوبەر وێستگەکە لەبەر کۆشکە بچووکەکەدا بوەستن. زوو دەگەڕێمەوە. فەرموو ئەمەش پاسپۆرت. ئێستا دەگەڕێمەوە. چاوەڕێم بکەن.

دەگەن و لەگەڵ گەیشتن، یەکسەر دەست دەکەن بە هەڵهاتن، ڕادەکەن.
ئۆی! ئێستا ژیان، ئۆی! ئەخیرەن ژیان!

شەش

تیڕوانینی پلووم

پەنیرێکی کشاوی زەرد، بە سمخشاندنی ئەسپێکی تەرمبەر، بە سمخشاندنی ئەسپێکی تەرمبەر، بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، وەک قاچی جیهان. زیاتر مەمکێکی گەورە بوو، پلەگۆشتێکی پیر و گرمۆڵەبوو، لەسەر ناوچەیەکی فراوان دانیشتووە، کە دەبێ زۆر خووسابێت.

سوارەکە لای چەپەوە دێتە خوارەوە. دەبێ وریا بن ئەسپەکان لەسەر سمەکانی دواوە هێواش ببنەوە. ئەی ئەم سوارانە بە کەللەپووتەکانیانەوە مەگەر دیسانەوە سەرناکەون؟ نا، ئەسڵەن.

پێشڕەویی سوارەکانیش بە جووڵەی سەرودەست خێرا، نارەزایی پیشان دەدا، بەڵام دەنگی ئەوەندە

ناسک بووبوو کە پرسیارت لە خۆت دەکرد کێ ئامادەیە گوێ بگرێت، وەک ئەوەی دەنکە برنجێک قسە بکات.
دواجار وا دیار بوو چەقیوەتە قوڕ و ئیتر نابینرێت. دواتر لەناکاو وەستانێکی لەپڕ، قوڵپ کەوتنە ناو ئەو شتە گەورە نەرمەوە و وردە پڕاوەکان لە هەموو لایەکەوە وەک شریتێکی زۆر درێژی لێ هات. ئەوەندە درێژ و هاوکات هێندەش پتەو، کە هەموو سوارێک دەیتوانی بە خێرایی زۆر لێی بپەڕێتەوە. بەڵام بەشەکانی دیار نەمابوون. تەنها سێبەری ڕەشی پێشڕەوەکە دیار بوو. ئەگەر وازی لە کەرێتی نەهێنایە، دەشیانویست ئەو حاڵەتە نارەزاییەشی بخەنەوە بەرچاو. دواتر وەک کەللەسەرێک تا ئەو کاتە بە پێوە ڕای گرتووە، درێژ لێی کەوت. وەک بۆرییەکی وا سووک، کە بەسەر شریتەکەدا خل دەخوا، بە دەنگێکی ڕوون دەهاتە خوارەوە و تەواو بۆش و دڵخۆش دەردەکەوت.
لە ڕاستیدا پلووم لای چرپاکەی دانیشتووە، نوقمی دەریای بیرکردنەوە، بێدەنگ، ئەم دیمەنەی تەماشا دەکرد.

حەوت

پلووم پەنجەی دێتە ئازار

پەنجەی پلووم کەمێک ئازاری هەبوو.
ژنەکەی پێی گوت: "باشترە بڕۆی بۆ لای دکتۆر. ئەوپەڕی مەڵهەمێکت دەداتێ" و پلووم ڕۆیشتە لای دکتۆر.

پەنجەیەک کە دەبوو ببڕیتەوە. نەشتەرگەر وای گوت و درێژەی دایێ: "هیچ کێشەیەک نییە. بە سڕکەرێک ئەوپەڕی شەش خولەک دەخایەنێت. بێگومان لەبەر ئەوەی پارەتان زۆرە، پێویستتان بەم هەموو پەنجەیە نییە. خۆشحاڵ دەبم ئەم نەشتەرگەرییە سووکەتان بۆ بکەم. دواتر چەندین جۆرە پەنجەی دەستکردتان پیشان دەدەم. هەندێکیان بە ڕاستی لێتان دێ و کەمێکیش گرانن. بەڵام بێگومان پێویست ناکات نیگەرانی خەرج و مەسرەفەکەی ببن. ئێمە باشترینتان دەخەینە بەردەست."

پلووم بە بێتاقەتییەوە سەیری پەنجەی کرد و داوای لێبووردنی کرد. گوتی: "دکتۆر، ئەمە پەنجەی ئاماژەیە، دەزانی خۆ، یانی بەکەڵکترین پەنجە. لە ڕستیدا تەنها دەمویست دیسان نامە بۆ دایکم بنووسم. هەمیشە لە کاتی نووسیندا پەنجەی ئاماژە بە کار دەهێنم. دایکم زۆر نیگەران دەبێ ئەگەر نامەکەی دوا بکەوێ. دوای چەند ڕۆژێک دەگەڕێمەوە. دایکم ژنێکی زۆر هەستیارە، لەخۆوە دڵی تەنگ دەبێ."

نەشتەرگەر گوتی: "کێشە نییە. لێرە کاغەز هەیە، کاغەزی سپی و بێ ئەوەی لە سەرەوەش هیچ نووسرابێ. چەند وشەیەک لە ناخی دڵەوە نیگەرانییەکەی دەڕەوێنێتەوە."

"لەم کاتەدا پەیوەندیی بە نەخۆشخانەوە دەکەم تا هەموو شتێک ئامادە بکەن. هەر ئەوەی کەلوپەلی تەداوییان هێنایە دەرەوە. هەر ئێستا دەگەڕێمەوە" و لە چاوترووکانێکدا گەڕایەوە.

"هەموو شتێک لە جێی خۆیەتی. چاوەڕوانی ئێوەن."

پلووم بە نەشتەرگەرەکەی گوت: "زۆر بە داخەوەم دکتۆر، بەڵام سەیر بکەن، دەستم دەلەرزێت و ناتوانم هیچی لەگەڵ بکەم. هێزی لە من زیاتر.... ئای..."

نەشتەرگەر گوتی: "ئێ وایە، جەنابتان ڕاست دەفەرموون. باشترە نەنووسن. ژنەکان زۆر وردبینن.

بە تایبەت دایک. کە باسی کوڕەکەیان بێت، گومان لە هەموو شتێک دەکەن و کیچێکیان لێ دەبێتە گایەک. ئێمە هێشتا لای ئەوان کۆرپەلەیەین. ئەمە گۆچان و ئەمەش کڵاوەکەتان. ئۆتۆمبیل چاوەڕوانتانە" و چوونە نێو ژووری نەشتەرگەری.

- دکتۆر گوێ بگرن، ڕاستییەکەی...
- ئەی هاوار! نیگەران مەبن. زیاد لە پێویست هەستیارن. نامەکە پێکەوە دەنووسین. کاتی نەشتەرگەرییەکە باش بیر لە نامەکەش دەکەمەوە.

لە کاتێکیشدا دەمامکەکەی نزیک دەخستەوە، پلووم لە هۆش چوو.
ژنی پلووم پێی گوت: "لانیکەم دەتتوانی ڕایەکی منیش وەربگری. بە هیچ شێوەیەک بیر لەوە مەکەرەوە کە دۆزینەوەی پەنجەیەکی فەوتاو ئیشیکی ئاسان بێت. من حەزم لە پیاوێک نییە شوێنێکی قرتابێت. هەر کە چاک بوویتەوە ئیتر پشت بە من مەبەستە. ئیفلیجەکان زۆر بێقیمەتن، یەکسەر دەبنە ئینسانی سادیست. بەڵام من بۆ ئەوە بەخێو نەکراوم لەگەڵ سادیستێک بژیم. ڕەنگە بیرت لەوە کردبێتەوە لە خێری خۆم لەم شتانەدا

یارمەتیت بدەم. ئێ، خەیاڵت خاوە، دەبوو پێشتر بیرت لەمە بکردایەتەوە..."

پلووم گوتی: "سەیرکە، نیگەرانی داهاتوو مەبە، من هێشتا نۆ پەنجەم هەیە و جگە لەوەش ڕەنگە تۆش بگۆڕێی."

هەشت

هەڵکەندنی کەللەکان

تەنها حەزیان دەکرد بە قژەوە دەری بهێنن. هەر نەیاندەویست ئازاری بدەن، بەڵام لەپڕ لێیان دا و کەللەیان هەڵکەند. دیارە باش پێوەی نەنووسابوو، لەخۆوە خۆ ناقرتێ. بە دڵنیایی شتێکی نوقسان بووە.

کە ئیتر سەر لەسەر شانەکان نییە، شەرمەزارم، بەڵام دەبێ بیدەیت، بەڵام دەبێ بیشۆیت، چونکە دەستی ئەو کەسەی دەیگرێت پیس دەبێ. دەبوو بیانشۆردایە. چونکە ئەوەی دەیگرێت، بە دەستی خوێناوییەوە، کەم کەم گومان دەکا و دەست دەکا بە سەیرکردنی کەسێک، وەک ئەوەی چاوەڕوانی ڕوونکردنەوە بێت.

"ئەه! لە کاتی باخەوانی دۆزیمانەوە... لە ناو چەند دانەی تر دۆزیمانەوە... ئەم دانەمان هەڵگرت، چونکە لەوانی تر تازەتر دیار بوو. ئەگەر کەللەسەری تری پێ باشترە... ڕەنگە هیی تر هەبێ. تا ئەو کاتەش دەتوانێ ئەمەی لا بێ..."

ڕۆیشتن بە دوای نیگایەک کە نە دەیگوت بەڵێ و نە دەیگوت نا؛ نیگایەکی ڕاماو.

چۆنە بڕۆن سەرێک لە گۆماو بدەن. لە گۆماو شتی زۆری لێیە. ڕەنگە زەلامێکی خنکاو ئیشەکە بەڕێ بکات.

بیر دەکەیتەوە ڕەنگە چیت بوێ لە گۆماو دەستی بخەیت، بەڵام زۆر زوو دەگەڕێیتەوە، دەگەڕێیتەوە بە دەستی بە تاڵ.

لە کوێ سەری ئامادە بۆ پێشکەشکردن هەیە؟ لە کوێ دەتوانی بێ کێشە بیدۆزیتەوە؟

- ئێ من کوڕەمامەکەم هەیە. بەڵام کەللەسەری ئێمە یەک جۆرە. کەس باوەڕ ناکا بە سوتفە دۆزیبێتمەوە.
- ئێ، منیش... پیبەری هاوڕیم هەیە. بەڵام هێزێکی هەیە ناهێڵێت ئاوا سوکوباریک کەللەی لێ بکەیتەوە!
- ئەه! ئێستا با بزانین. ئەوەی تریان خۆ زۆر ئاسان لێ کرایەوە.

بەم جۆرە بیریان کردەوە و دەگەنە ماڵی پیبەر. پەڕۆیەک دەخەنە سەر ئەرز. پیبەر دەنوشتێتەوە هەڵی بگرێت، بە پێکەنینەوە قژی دەگرن و ڕای دەکێشنە دواوە. کەللەی بە دەستیانەوە دێ، هەڵکەنراو.

ژنەکەی پییەر دێتە ناوەوە، تورە... "هیچوپوچی سەرخۆش، دیسان شەرابەکەی گەڕاندووەتەوە! ئیتر ناتوانێ بیخواتەوە. دەبێ یەکسەر بیگەڕێنێتەوە سەر زەوی. ئیتر هەر ناشتوانێ هەستێ" و دەڕوا بۆ شتێک بۆ پاککردنەوەی. ئەوانیش بە قژ دەیگرن. جەستەی پێش دەکەوێ. سەری بە دەستیانەوە دەمێنێتەوە؛ سەرێکی تووڕە کە قژی شەپۆلانیەتی.

سەگێکی گەورە دێ و دەست دەکا بە وەڕین. شەقێکی چاکی تێهەڵدەدەن. کەللەسەری دەکەوێ.

ئێستا سێ کەللەسەریان هەن. سێ ژمارەیەکی چاکە. جگە لەوەش، دەشتوانن هەڵبژێرن. سێ کەللە کە بە ڕاستی یەک جۆر نین. نەخێر: پیاوێک، ژنێک، سەگێک.

دەشگەڕێنەوە لای کەسێک کە پێشتر کەللەیەکی لایە و سەیر دەکەن چاوەڕوانە.

ڕیزە سەرەکە دەخەنە سەر ئەژنۆکانی، ئەویش سەری پیاوەکە دەخاتە لای چەپ، لای سەری یەکەم و سەری سەگ و سەری ژنەکە بە قژی درێژەوە لەولا. چاوەڕێ دەکەن و بە چاوی ڕاماو کە نە دەڵێ بەڵێ و نە دەڵێ نا، سەیریان دەکات.

"ئێ، ئێمە ئەمانەمان لای هاوڕێیەک دۆزییەوە. لەوێ بوون، لە ماڵەوە... هەر کەس دەیتوانی هەڵیان بگرێت. کەللەسەری تری لێ نەبوو. چیمان لا بوو هێنامان.

جارێکی تر شانسمان دەبێ. جگە لەمانەش، بە خۆشحاڵییەوە لەم ناوە قاتوقڕیی کەللەسەر نییە. بەڵام ئێستا ئیتر درەنگە. دۆزینەوەیان بەم تاریکییە. کات بۆ پاککردنەوەیان، بە تایبەت ئەوانەی قوڕاوین. بە کورتی، هەوڵی خۆمان دەدەین.. بەڵام ئێمە بە تاقی تەنیا ناتوانین بە لۆری بار بکەین... باشە... با بڕۆین، بەڵکو بەم ماوەیە چەند دانەیەکیان لێ کەوتبێ، با بزانین..."

ڕۆیشتن، بە دوای نیگایەکدا کە نە دەڵێ بەڵێ، نە دەڵێ نا، بە دوای نیگایەکی ڕاماو.

- ئاە، من، دەزانی، نا! وەرە! سەری من هەڵبگرە. بەمە بگەڕێرەوە. هەر پێی نازانێ. هەر سەیریشی ناکات. پێی بڵێ... "فەرموو، خەریک بوو دەڕۆیشتمە ژوورەوە، قاچم بەری کەوت. وابزانم کەللەسەرە. بۆم هێنان، بۆ ئەمڕۆ ئیتر بەسە. وانییە؟"
- نا، کۆنە برادەر، من تەنها تۆم هەیە.
- گوێ مەدەرێ، واز لە بەزەیی بێنە. بیگرە. وەرە. ڕایکێشە. توند ڕایکێشە، یەڵا دەی، قورستر.
- نا، ئەها، نابێ. سزاکەمان هەر ئەمەیە. ئێستا وەرە ئەوەی من تاقی بکەرەوە. ڕایکێشە،

ڕایکێشە، بەڵام کەللەکان لێ ناکرێنەوە. کەللەی
پیاوکوژی عەیارە بیستوچوار.

ئیتر نازانن چی بکەن، دیسان دێن، دەگەڕێنەوە، دیسان دێن، دیسان دەڕۆن، دیسان دەڕۆن بە دوای ئەو نیگا چاوەڕوانە، ئەو نیگا ڕاماوە.
ئاخر ون دەبن لە شەودا و ئەمە لایان ئارامییەکی گەورەیە؛ بۆ ئەوان، بۆ ویژدانیان، سبەی دیسان بە ڕێکەوت دەکەونە ڕێیەک و لەسەری بەردەوام دەبن تا ئەو شوێنەی بتوانن. هەوڵ دەدەن دەست بە ژیان بکەنەوە. کارێکی سەختە. ئینسان دەبێ هەوڵی خۆی بدا. ئینسان دەبێ هەوڵ بدا بیر لە هیچ کام لەمانە نەکاتەوە و وەک جاران بژی، وەک هەموان...

نۆ

دایکی نۆ منداڵ

پلووم تازە گەیشتبووە بەرلین و هاتبووە نێو تێرمیناڵ، کە ژنێک هاتە پێشەوە و پێشنیاری بۆ کرد شەو لەگەڵی بێت.
"مەڕۆ، تکایە، من دایکی نۆ منداڵم" و هاوڕێکانی بانگ کرد فریای بکەون، هەموو کۆڵانەکەی بانگ کرد، هەموو لە دەوری کۆ بوونەوە و ئەو جەماعەتە و ئەو پۆلیسەش کە نزیک دەکەوتەوە. پۆلیس دوای بیستنی کێشەکە، بە پلوومی گوت: "ئەوەندە دڵرەق مەیە.... دایکی نۆ منداڵە!" دواتر بەدەم پاڵپێوەنانەوە، ڕایان کێشایە ناو هۆتێلێکی پی،س کە مێرووەکان ساڵانێک خەریکی خواردن و جووینی بوون. کە بۆ یەک کەس هەبێ، بۆ دوو کەسیش دەبێ، ئەوان پێنج کەس بوون. یەکسەر گیرفانەکانیان بەتاڵ کرد و لە ناو خۆیاندا دابەشیان کرد.

پلـوم گـوتی: "کەواتە ڕووتبـوونەوە یـانی ئەمە! یەکەم جـارە بەڵای وا بەرۆکـم دەگـرێ، ئەمەش بە هـۆی گوێگرتن لە پۆلیسەوەیە."
چـاکەتەکەی هەڵگـرت، وەک ئەوەی ئامـادەی ڕۆیشـتن بێت. بەڵام ژنەکان بێتاقەت بوون و گوتیان: "لەبەرچی! ئـێمە خـۆ دز نیـین! گوتمـان نەکـا، بـۆیە پارەکەمـان پێشـوەخت هەڵگـرت. بەڵام تـۆ دەبێ لەبـری پـارەکەت شـتێک بکەیـت، بەقوربـان" و جلەکانیـان لە بەر داکەنـد.
دایکـی نـۆ منـداڵ هەمـوو گیـانی زیـپکە و بـرین بـوو، دوانەکەی تریش.
پلـووم بیـری کـردەوە: "ئەم ژنـانە بە زەوقـی مـن نـین، بەڵام چـۆن تێیـانبگەیەنم کە بێتاقەتیـان نەکەم؟" و کەوتە ناو بیرکردنەوەوە.
دواتر دایکی نۆ منداڵ گوتی: "هۆی کچینە، باوەڕ نـاکەن، گرەوتـان لەگەڵ دەکەم ئەم کـابرایە لە ترزلەکـانە، کە لە سـیفلیس دەترسـێ، سـیفلیس بەشانسـەە!" و بە زۆر کەوتنە وێزەی پلووم، یەک لە دوای یەک.
پلـووم هەوڵـی دا هەسـتێ، بەڵام دایکـی نـۆ منداڵ گـوتی: "نەء، ئەوەنـدە پەلەمە مەکە بەقوربـان، تـا خـوێن نەیەت، دیـارە تەواو تێـر نەبـووین" و ژنەکـان دیسـان خۆیـان سەرقاڵ کردەوە.

پلووم خەریک بوو لەتاو ماندوویی دەمرد و ئەخیرەن جلیان لە بەر کردەوە.
"هەستە، بجوولێ، چارەکێک لە نیوەشەویش لای داوە، ژوورەکەمان تا نیوەشەو گرتووە.
پلووم بیری لەو سێسەد مارکە دەکردەوە کە بە زۆر لێیان وەرگرتبوو. گوتی: "بەڵام بەو پارەیەی وەرتان گرت دەتوانن تا بەیانییش بمێننەوە."
"ئاه! ئەم برادەرە زۆر خۆشە. کەواتە ئێمە حیسابی بکەین، ها ! گاڵتەت لێ پژاوە!" و لە چرپاکە ڕایان کێشایە دەرەوە و فڕێیان دایە سەر پلیکانەکان.
پلووم بیری کردەوە: "دەی! ئەمە دواتر دەبێتە یادەوەرییەکی خۆشی سەفەرەکەم."

ده

پلووم لە کازابلانکا

پلووم هەر قاچی خستە نێو کازابلانکا، یەکسەر بیری کەوتەوە ئیشی زۆر هەیە دەبێ بیانکات. لەبەر ئەمەش جانتاکەی لە پاسەکە جێ هێشت؛ بیری کردەوە کە ئیشە گرنگەکانی تەواو بوو، دەگەڕێتەوە و هەڵی دەگرێت و بەرەو هۆتێل ئەتلانتیک بەڕێ دەکەوێت.

بەڵام لە بیرکردنەوەی ئەوەدا کە هێشتا ئیشی زۆر هەیە بیکات، پێی باش بوو لەبری گرتنی ژوورێک، ناونیشانی بانکی سۆسییێتێ ژەنەڕاڵ بپرسێت.

بەرەو سۆسییێتێ ژەنەڕاڵ بەڕێ کەوت، کارتەکەی خستە بەردەم سکرتێرەی بەڕێوەبەر، بەڵام کاتێک پێی ناساند، بڕیاری دا لەبری پیشاندانی کارتی گرەنتییەکەی، بۆ شوێنە گەشتیارییە عەرەبنشینەکانی بووزیر و کافێ عەرەبییەکان بڕوات، چونکە ناکرێ "کازا" بەجێ بهێڵێ و سەمای سک و کەمەر نەبینێ،

تەنانەت ئەگەر سەماکارەکان ژنی جوولەکە بن نەک موسڵمان. پرسیاری شوێنەکەی کرد، ڕێگەی کافێیەکی عەرەبییان پیشان دا و هێشتا نەگەیشتبوو، سەماکارێک لای دانیشت و داوای بوتڵێک شەرابی پۆرتۆی کرد و ئەوکات پلووم تێگەیشت، بە ڕاستی ئەمانە هەمووی گەمژەییە؛ لە سەفەردا، بەم هەموو شەکەتییە، سەرەتا دەبێ کەمێک خەریکی ورگت بیت. بۆیە لەوێ هاتە دەرەوە و بەرەو ڕێستۆرانتی سوڵتانی بیرە لە شاری نوێ، کەوتە ڕێ. خەریک بوو لە پشت مێزەکەوە دادەنیشت، کە بیری کەوتەوە کە ئینسان لە سەفەردا نابێ ئەگەر تەنها بخوات و بخواتەوە، دەبێ بە وردی دڵنیا بێت کە هەموو شتێک بۆ دووسبەی ئامادەیە. ئیتر پێی باشتر بوو لەبری ئەوەی لە پشت مێزەکەیەوە لاسایی سوڵتان بکاتەوە، تا زووە لەنگەرگای کەشتیی دووسبەی بدۆزێتەوە.

ئاوا باشتر دەتوانی سوود لە کات وەربگریت. خەریکی ئەم کارە بوو کە بیری کردەوە بڕواتە گومرگ و پرسیارێک بکات. هەندێ ڕۆژ تەنانەت ناهێڵن پاکەتێک شقارتەی دە دانەییش تێپەڕێت و ئەگەر کەسێک ئەم پاکەتەی پێ بێت، بە خۆی یان لە ناو کەلوپەلی تر، قوڕ دەکەن بەسەریدا. بەڵام لە ڕێگەدا، لە بیرکردنەوەی ئەوەی کە بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستی چۆن متمانە بە

دکتۆرێکی گەمژە دەکات کە ئاسان دەتوانێ ڕیگە لە سواربوونی کەسێکی تەندروست بگرێت، دەبوو قبووڵی بکات بەرژەوەندیی لەوەدایە سەرباری فێنکیی ئەو شەوە، بە کراسێکی قۆڵ کورت، بەدەم سەوڵلێدان، پڕ لە جۆشوخرۆش خۆی بنوێنێت و خەریکی ئەمە بوو، کە پۆلیسی هەمیشە دڕدۆنگ بەگیری هێنا، گوێی لە وەڵامەکەی گرت و لەوەبەدوا ئیدی چاوی لەسەر هەڵنەگرت.

یازدە

میوانە تایبەتەکەی یانەی بێرن

ناوسکی قەلەکە بە کرم پڕ کراوە، زەڵاتە بە گریس شۆردراوەتەوە و پەتاتە جوێنراوە و ڕشێنراوەتەوە. داری گریپفرۆتیش بێگومان لە خاکی نەفتالین گەشەی کردبوو، قارچکەکان بۆنی کانزایان لێ دەهات و نان بۆنی ژێرباڵ، شەراب شەرابی بوو، وەک پەرمەنگەنات.

پلووم بێ ئەوەی سەر بەرز بکاتەوە، بە سەبرەوە دەیخوارد. مارێک کە لە هێشووە مۆزەکان کەوتبووە خوارەوە، بەرەو لای خزا؛ بە نەجیبییەوە هەڵی گرت و خواردی و دیسان نوقمی قاپەکەی بەردەمی بووەوە.

کەیبانووی ماڵ بۆ ئەوەی سەرنجی ڕابکێشێت، یەکێک لە مەمکەکانی دەرهێنا. دواتر ئاوڕی دایەوە و پێکەنینێکی کرد.

پلووم بێ ئەوەی سەر بەرز بکاتەوە، هەر خەریکی خواردن بوو.
ژنەکە لەپڕ پەشۆکا و پرسیاری کرد: "دەزانی چۆن خواردن دەرخـواردی منـداڵ دەدەن؟" و بەسـەر پلوومـدا چڵـمەکەی ڕۆ کـرد. پلـوومیش ڕێکـوڕەوان چڵمەکەی بەسەریدا ڕۆ کرد. کەمێک دواتر، ئەوەی تەنیشـتی، قـوڕگگیراو، دەیبۆڕانـد، بە هـۆی ئەوەی زمانی مەڕێکی تەپاندووە نـاو قوڕگی بۆ قووتدان. بە وریاییەوە لە دەوری کۆ بوونەوە. دواتر بێ هـیچ هەوایەک، یەکێک کونەلووتی گرت و ئەوانی تـر بۆ یـارمەتی، قوڕگیـان گووشـی. بەڵام هەرگیـز ئەو زمـانەی کە ئەوەنـدە حەزی دەکـرد بیـداتە دەرەوە، نەهاتە دەرەوە.
بەم جۆرە ژیان، کە هەمیشـە ئامـادەیە خۆی لە نـاو ببات، بێدەنگ و هێمن جێی هێشت.
"پێـت نـاخۆش نەبـێ"، کەیبـانوو بە چـاوی زل و دەرەشـاوەوە بە پلـوومی وت: "هەمیشـە کەسـێک هەیە زمانی پێ قووت ناچێ، دەکرێ ئەو کەسە مـن بم، دەکرێ تۆ بیت. خۆزگەم بە خۆم. بڕۆین خـۆش ڕابوێرین. دەمەوێ منداڵەکان لەم سـاتەدا بمـانبینین. ئەوان بە بینینی بەختەوەریمـان چێژ وەردەگرن" و دەستی کرد بە لێدانی، پلووم لە باوەشیدا.

دوازدە

پلووم لەسەر سەقف

لە ساتی گەمژانەی دالغەدا، پلووم دەستی کرد بە پێیەکانی لەسەر سەقف ڕۆیشتن، لەبری ئەوەی لەسەر زەوی ڕایان بگرێت.

حەیف! پلووم کاتێ هەستی بە مەسەلەکە کرد، ئیتر زۆر درەنگ بووبوو.

ئەو کە ئێستا یەکسەر ئیفلیج بووبوو، لە خوێنی کۆ بووەوە، لە ناو سەری وەک ئاسن لە ناو چەکوش، ئیتر نەیدەزانی چی بکات. لە دەست چووبوو. لەوپەڕی ترسدا، بنی ژوورەکەی زۆر، کورسییەک کە سەردەمێک گەرم و نەرم بوو و هەموو ژوورەکەی وەک چاڵێکی سەرسووڕهێنەر دەبینی.

چەند حەزی دەکرد لە بەرمیلێکی پڕ لە ئاو، لە تەڵەی گورگ، لە ناو سندووقێک، یان لە ناو بۆیلەرێکی مسدا بێت، لەبری ئەوەی لەوێ، تاکوتەنیا، لەسەر ئەم سەقفە گاڵتەجاڕە و بێدەرچەیە بێت؛ سەقفێک کە دابەزین لێی وەک خۆکوشتن بوو!

نەگبەتی! نەگبەتی هەمیشە یەک جۆر بەرۆک دەگرێت... لە کاتێکدا خەڵکی جیهان ئاوا بە هێمنی بەسەر زەویدا دەڕۆن. ئەو خەڵکەی کە بێگومان لەم باشتر نەبوون.

بریا بیتوانیایە لانیکەم بڕواتە ناو سەقفەکە و لەوێ بە هێمنی، ئەگەر خێراش بێت، ژیانی خەمگینی خۆی تەواو بکات... بەڵام سەقفەکان ڕەق و سەختن و تەنها ئەوەیان لە دەست دێت بت"گەڕێننەوە" – وشە ڕاستەکەی هەر ئەمەیە.

لە نەگبەتیدا هەڵبژاردنێک بوونی نییە، چی بمێنێتەوە بەر تۆ دەکەوێ. لە کاتێکدا ئەم مشکە کوێرەی سەقفەکان بێهیوا بەردەوامە لەسەر مانەوەی خۆی، نێردراوێک کە لە یانەی بڕینەوە هاتبووە سەروەختی، سەری بەرز کردبووەوە و دۆزیبوویەوە.

بۆیە بە پەیژەیەکی وەستاو هێنایانە خوارەوە، بێ هیچ قسەیەک.
شەرمیان کرد. داوای لێبوردنیان لێ کرد. هەر بۆ دڵنیایی خەتاکەیان خستە ئەستۆی یەکێک لە پشتیوانەکان. ستایشی غرووری پلوومیان کرد، گوایە هێشتا ئازایە و بەجەرگە و لە کاتێکدا ئەوانی تر دڵسارد بووبوونەوە و خۆیان توورڕ دابووە نێو هەوا، دەستوپێ و شوێنەکانی تریان شکاندبوو، چونکە سەقفەکانی ئەم وڵاتە هەمووی بەرزن و تەقریبەن هەموویان بێ جیاوازی لە سەردەمی داگیرکاری ئیسپانییەکانەوە بەجێ مابوون.
پلووم بێ هیچ وەڵامێک، گێژ و مەنگ، قۆڵی کراسەکەی دەتەکاند.

سیازدە

پلووم و گۆجەکان

... پیاوێـــک لە بەردەم پلـــووم بـــوو و هەر پلـــووم چـاوی لەسـەر هەڵگرت، دەموچـاوی پیـاوەکە تێک چوو، لارولەوێر و چەناگەی لەخۆوە دەرچوو.

پلـووم بیـری کـردەوە: "ئەه ئەه! وەک ئەوەی کەون لێـرە دیسـان جـوان بووبێـت! ئـاه! بەڵام چ بەرپرسـیارێتییەک لە ئەسـتۆی هەر کـام لە ئـێمەیە! دەبێ بڕۆمە وڵاتێک کە دەموچاوەکـان ئاسـان تێک نەچـن، شـوێنێک کە بتـوانی چـاوت بەبێ کارەسـات ببـڕیتە شـتێک و چاویشـت لا ببەیـت. لە خـۆم دەپرسم خەڵکی چۆن دەتوانن لێرە بژین؛ بێگومـان لێـرە خێـرا تووشـی نەخۆشـیی دڵ دەبـم" و خـۆی خسـتە سـەر چرپـایەکی گەڕۆک. گەیشـتە نـاو کۆبوونەوەی گۆجەکان لەسەر درەختێک، درەختێک

که هێشتا هیچ نەبووبوو، لەخۆوە تاریک و نوتەک داهـاتبوو. ئەمەیـان زۆر پـێ خـۆش بـوو! لە پشـت لقەکانەوە ئەوقی سـەیرکردنی ئاسـمان بوون، ئیتـر هەسـتیان بە کێشـی زەوی نەدەکـرد. گەورەتـرین ئارامی هەر ئەمەیە.

بەڵام پلـووم لە نـاخی دڵەوە نـاڕازی بـوو لە گۆجەکان، کە دەستیان پڕە. نـا، ئەو موسـافیر نییە، ئەو زۆر هەست بە پێویستیی سەفەرکردن ناکات.

ئەوان دڵتەنگ وەک پەککەوتەکان پێداگرییان دەکرد: "بۆ قەبری باوکتان سەگێکی بچکۆلە بکڕن."

بەس نییە؟! مانـدوو نەبـووین؟! هەر واز لە خۆمـان ناهێنین؟!

پاشکۆ

تا ئێستا چەندین جار هەستم بە "هاتوچۆ"ی باوکم کردووە لە خۆمدا. هەموو جار یەکسەر دەخرۆشێم. هەموو تەمەن دژ بە باوکم ژیاوم (دژی دایکیشم، باپیرم، داپیرەم و باوکی باپیرم و دایکی داپیرەم)، بەڵام نەمتوانی دژایەتیی باووباپیرە کۆنەکانم بکەم، چونکە نەمدەناسین.

بەمە لێگەڕاوم کام پێشینەی نەناسراو لە ناو مندا بژی؟

بە زۆری مەیلم بۆیان نەبوو. بەڵام ئەگەر مەیلم بۆیان نەبوو، ئەی بۆ کام پێشینەی (باووباپیران) نەناسراو هەمبوو؟ کام گرووپ و تاقمی باووباپیرانم؟ ڕاهاتبووم بەردەوام بگۆڕێم و لە خۆم دووریان بخەمەوە، ئیدی یان دەرم دەکردن یان خۆم دەردەکرام. هەندێکیان تەنانەت کاتی چاوترووکانیشیان نەبوو و دواتر دیار نەدەمان. هەندێک تەنها لە فلان یان فیسار کەشوهەوا دەردەکەوتن. لە فلان شوێن و قەت لە فیسار

شوێن نا، لە فلان و فیسار هەلومەرج. زۆریی ژمارەیان، ململانێیان لەگەڵ یەکتر و دەرکەوتنی پڕتاو و خێرا خێرایان - دیسان گێچەڵێکی تر - نەمدەزانی پشت بە بەرگریی کامیان ببەستم.
ئێمە لە دایکی زۆر زاوین (باووباپیران، کرۆمۆزمی ئەوتۆ کە هەڵگری مەیلی ئەخلاقین، جیاوازیی چییە؟) دواتریش، ئایدیای ئەوانی تر، هەموو شوێنێک ئایدیای هاونەوەکانم لە فەزا بڵاو بوونەتەوە و هاوڕێیان، هەوڵ بۆ لاسایی یان "دژایەتینواندن".
لەگەڵ ئەمانەش، هەمیشە حەزم کردووە بەڕێوەبەرێکی باشی کتێبخانەیەک بم و ناوداریش، بەوەی کە بەڕێوەبەرێکی باشی خۆشمم.
ئێستا لەتوپەت و پەرتوبڵاو بەرگری لە خۆم دەکەم، ئێستاش هەواڵێک لە بەڕێوەبەری مەیلەکان نییە؛ ئەگەریش هەبێ، یەکسەر لە کاری دەخەم. خێرا قەڵسم دەکات. ئایا ئەویش وازی لێ دەهێنام؟ یان ڕاستییەکەی من بووم کە بەجێم دەهێشت؟ ئایا من ئەو کەسە بووم کە خەریک بوو منی دەپاراست؟
پڵنگی تازەزاو پەڵە پەڵە لە دایک دەبێت و دواتر بەسەر ئەم پەڵانەدا زاڵ دەبێ. ئەمە هێزی

پڵـــنگەکەیە دژی باووبـــاپیران، بەڵام ناتوانێـــت ســـەربکەوێت بەســـەر زەوقـــی گۆشـــتخواردن، چێژوەرگرتن لە کوشتن و دڵڕەقییەکەیدا.
ئەو هەزاران هەزار ساڵ دەستەمۆی داگیرکەران بووە.
خود لە هەموو شتێک دروست دەبێت. گەردانێکی دیاریکراو لە دێڕێکدا - ئەوە "من"ی ئەوی ترە، دەردەکەوێ؟ ئەگەر بەڵێ هیی منە، ئایا نا بۆ "من"ی دووەم دەگەڕێتەوە؟
"من" تەنها کاتییە و هیچی تر (کە پەیوەست بە ئەم و ئەو دەگۆڕێـــت، یـــان ئەم "مـــن"ە هەڵەیەکـــی تاکەکەســـییە، کە لە زمـــان و هـــونەرێکی تـــردا دەگۆڕێت) و سکپڕە بە کەسایەتییەکی نوێ، کە بە دەســـت ڕووداو، ســـۆز یـــان لێدانێکی ســـەر ئـــازاد دەبێت، کەسایەتیی پێشوو تەرە دەکات و بەوپەڕی سەرســـووڕمانی هەمـــوانەوە، لە چاوتروکانێکـــدا دروســـت دەبێـــت. کەواتە ئەو پێشـــوەخت شـــکڵی گرتبوو.
ڕەنگە تەنها بۆ "خود"ێک دروست نەکرابین. هەڵەی ئێمەیە کە چنگی لێ گیر دەکەین. حوکمی پێشوەختە لە بەرژەوەنـدیی یەکبـوون (لێـرەش وەک هەمـوو

شوێنێکی تر، مەسەلەکە ئیرادەیە؛ داماڵەری هەموو شتێک و قوربانیکەر).

لە ژیانێکی دوولایەن، سێلایەن، یان پێنجلایەن، ئاسوودەتر دەبین و بە دەست خودی نیوەهۆشیار کە زەینی هۆشیار کەمتر تێدا دەچین و ئیفلیج دەبین (دژایەتیی "خود"ە بێبەشەکانی تر).

گەورەترین ماندوویەتیی ڕۆژ، گەورەترین ماندوویەتیی ژیانێک، بەرهەمی هەوڵ و گرژییەکی پێویست بۆ پاراستنی خودێکی یەکسانە لە ناو وەسوەسەی بەردەوام بۆ گۆڕینی.

زیاد لە پێویست دەمانەوێ کەسێک بین.

تەنها خودێک بوونی نییە، دە دانەش بوونی نییە، خود هەر بوونی نییە. "من" تەنها پێگەیەکە لە هاوسەنگیدا (پێگەیەک لە ناو هەزاران پێگەی تر کە هەموویان هەمیشە بەردەست و هەمیشە ئامادە و مومکینن). تێکڕایەک لە "من"ەکان، جوولەیەک لە قەرەباڵغی. ئەم کتێبە بە ناوی پڕژمارەکانەوە واژۆ دەکەم.

بەڵام ئایا ئەمەم دەویست؟ ئایا ئەمەم دەویست؟ پەستانێک بوو (گیرەی تەسکتر).

دواتریش؟ جێم کردەوە. پەستانی سەر دەستم زۆر بوو.

هەر مەیلێک لە مندا ئیرادەیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو، وەک چۆن هەر بیرکردنەوەیەکیش، لەگەڵ سەرهەڵتۆقین و خۆڕێکخستن، ئیرادەیەکی خۆی هەیە. هیی من بوو؟ ئەم مرۆڤە ئیرادەیەکی لە مندا دەگەڕێت، ئەوەی تریان - هاوڕێیەک، گەورەپیاوێکی سەردەمی کۆن - گۆتاما بوودا، زۆری تر و تەنانەت مرۆڤی کەمتر گرنگ، پاسکال، ئێرنێست هێلۆ؟ کێ چووزانێ؟

ئیرادەی گەورەترین ژمارە، زۆرترین ئەژمار؟ ئیرادەیەی چونیەکترین گرووپ؟

نەمدەویست بمەوێ. وادیارە دژی خۆم ویستم، چونکە هیچ مەیلی ویستنم نەبوو و لەگەڵ ئەوەش هەر ویستم.

... من وەک کۆمەڵێک ڕێگەی خۆم لە دەوری کۆمەڵی جووڵاوی خۆمدا دۆزییەوە. چونکە هەموو شتێک، هەموو هزرێک و هەر ساتێک کۆمەڵە. هەموو ڕابردوویەک، هەر دانەبڕانێک، هەر گۆڕانێک، هەموو شتێک شتێکی ترە. هیچ شتێک، هەر شتێکی سنووروەرگر، هەرگیز سنووری یەکلاکەرەوەی بۆ هیچ شتێک دانەناوە: پەیوەندییەکان، بیرکارییەکان، هێماکان، یان مۆسیقا. هیچ شتێک نەچەسپاوە. هیچ شتێک موڵک نییە.

وێنەکانم؟ پەیوەندەکان.
بیرکردنەوەکانم؟ بەڵام ڕەنگە بیرکردنەوەکان تەنها ئازاری "خود"، نەمانی هاوسەنگی (قۆناغی ٢)، یان دەستکەوتنەوەی هاوسەنگی (قۆناغی ٣) لە جووڵەی هزرمەنددا بن. قۆناغی یەکەم (هاوسەنگیی) نەناسراو و ناهۆشیارانە دەمێنێتەوە.
ڕەوتی بیرکردنەوەی ڕاستەقینە و قووڵ، بێگومان لە دەرەوەی بیرکردنەوەی هۆشیارانە و ناوێنەدا ڕوو دەدات. هاوسەنگیی وەرگیراو (قۆناغی ٣) خراپترینە، هەر ئەوەی دوای ماوەیەک هەموان هەست بە بێزراوییەکەی دەکەن. مێژووی فەلسەفە، مێژووی پێگە و هەڵوەستە درۆزنانەی هاوسەنگیی هۆشیارانەیە کە یەک لە دوای یەک دانراون و ئەوسا... ئایا لە ڕێگەی "بلێسە"وە دەتوانین لە ئاگر تێبگەین؟
وەرن با لە پەیڕەویکردن لە بیرکردنەوەی دانەرێک دوور بکەوینەوە (تەنانەت ئەگەر ئەرستۆیەکی تازەش بێت) و لەبری ئەوە، نیگایەک بگرینە ئەوەی لە پشت زەینیەوە هەیە، لە شتێک کە عەودالێتی، بە ڕۆڵیک کە مەیلی ئەو بۆ دەسەڵات و کاریگەریی - ئەگەر شاراوەش بێت - هەوڵ دەدا لەسەر ئێمە هەڵی بکۆڵێت.

جگە لەوەش، ئەو چی لەسەر بیرکردنەوەی خۆی دەزانێت؟ ئەو هۆشیارییەکی دروستی لەم بارەوە نییە (وەک چاو کە نازانێ سەوزایی گەڵا لە چییەوە دێت، ئەگەرچی ئەو سەوزییە باش دەبینێت).

ئەو پێکهێنەری بیرکردنەوەی خۆی ناناسێت؛ هەندێ جار پێکهێنەری سەرەتایی - بەڵام ئەی پێکهێنەری دواتر؟ سێهەم؟ دەیەم؟ نا، نە پێکهێنەرە دوورەکان، نە ئەوەش کە دەوری داوە، نە هۆکاری دیاریکەر، نە "اوە!" سەردەمەکەی (هەر ئەو شتەی ژێردەستەترین مامۆستای جێگرەوەش تا سێسەد ساڵی ڕەبەقیش نایزانێت).

نیەتەکانی، خرۆشەکانی، لیبیدۆی دەسەڵاتخوازی، درۆزنێتیی بێویستانەی، تووڕەییەکەی، مەیلی بۆ لەسەرهەقبوون، براوەبوون، هەڵفریواندن، بەگیرهێنان و باوەڕاندنی ئارەزووەکانی لەسەر ئەوانی تر، فریودان، شاردنەوە - ئەو بێئاگایە لە هاوسەنگبوونی هۆگری و بێزارییەکانی، گرێکان و هەموو ژیانی بە ئەندامەکانی، ڕژێنەکان و ژیانی شاراوەی لەگەڵ نوقسانیی جەستەیی. ئەو بێئاگایە لە هەموو شتێک.

بیرکردنەوەی "لۆجیکی"یانەی؟ بەڵام ئەم بیرکردنەوانە لە تویکڵی ئایدیای پرسەفسەتە و

بەراودکـــاری، لە ڕەوتێکـــی ڕێکـــدا دەگەڕێـــت کە پێچوپەناکان دەبڕێت و بە ناویاندا تێپەڕ دەبێت و بەشـــە خوێنچۆڕگەکـــانی ئەم جیهـــانە پـــڕ لە ڕەوتە دەگرێت (ئێـوە تەنهـا بە بـڕین دەتـوانن ڕێـگەی لـێ بگـرن). (هەمـوو باخەکـان بۆ درەختەکـان سـەختن).
لە دوای سادەیی درۆزنـانەی ڕاستییە یەکەمینەکان (لە میتافیزیـک)، فرەییەکـی غایەمەنـد هـاتە ئـاراوە و ئەمە هەر ئەو شتەیە کە دەیەوێ بیسەپێنێت.
لە خاڵێکیشـدا ئیـرادە و بیرکـردنەوە یەکگـر و کلـۆم دەبن و دەبنە ئیرادە - بیرکردنەوەیەکی درۆزنانە.
لە خاڵێکیشـدا ئەزمـوونی بیرکـردنەوەی درۆزنـانە - بیرکردنەوەیەک وەک بینینی نـوور (ڕەوتـی فۆتـۆن) لە میکرۆفیزیادا - بە لاڕێدا دەیبات.
هەمـــوو پێشـــکەوتنێک، هەر بینینێکـــی نـــوێ، هەر بیرکـــــردنەوەیەک، هەر خوڵقانـــدنێک، وەک ئەوەی نـــاوچەیەک لە تـــاریکی (هاوکـــات لەگەڵ نـــوور) دروست دەکات.
ا- بیرکردنەوەی کەمتر گرنگ لە دیدگایەکەوەیە کە بیرکردنەوە تێیدا دەردەکەوێ.
ب- بیرکـــردنەوە - مۆســـیقا ناچـــاری دەکـــات بە هەماهەنگکردنی ملیۆنەها هەلومەرجی دەرەکی، بە جۆرێـــک کە ســـەیرە یەکێـــک لەو مەرجـــانە

دەخوێنێتەوە و لێی ورد دەبێتەوە، هەر لەبەر ئەم واقیعە، لە بێشومار دیاردە، لە زنجیرەی بێکۆتای پزیسک، ڕژان و کاردانەوەکان ئاگادار نابێت.
ئەگەر دە لاپەڕە لە تائۆ تی چینگی لائۆتسە باش بخوێنیتەوە، دەبێ بزانی عەرەبانە، باروت، پەتای ئاسیایی و سۆن یات سێنیش دەدۆزیتەوە و بزانی کە ژاپۆن بەم زوانە شکست دەخوات یان نا.
هەموو مەعریفەیەک نەزانییەکی نوێ دروست دەکات.
هەر دەستکەوتێکی نوێ هیچێکی نوێ خەڵق دەکات.
کەواتە ئەی خوێنەر، تۆش وەک زۆر جار کتێبێک بە دەستەوە دەگری کە نووسەر نەینووسیوە، هەرچەند جیهانێک لە نووسینیدا بەشدار بووە و بۆچی دەبێ شتێکی وا هەر گرنگ بێت؟
نیشانەکان، هێماکان، ورووژمەکان، کەوتنەکان، ڕۆیشتنەکان، پەیوەندەکان، نەگونجانەکان، هەموو شتێک لەوێیە تا فیچقە بکات، تا دیسان بە دوای شتێکی تردا بگەڕێ.
نووسەر لە نێوان ئەوانەدا، بێ ئەوەی هێمن دانیشێت، ژیانەکەی گەشە پێ داوە.
ڕەنگە ئێوەش بتوانن تاقیی بکەنەوە؟